# قۆناغێکی نوێی

# تەریقەتی قادری کەسنەزانی

پێشەوا شێخ ڕەئووف


بسم الله الرحمن الرحيم

# قۆناغێکی نوێی
# تەریقەتی قادری کەسنەزانی

## ناسنامەی کتێب


ناوی کتێب: قۆناغێکی نوێی تەریقەتی قادری کەسنەزانی

نووسین و ئامادەکردن: پێشەوا شێخ رەئووف

بابەت: کۆمەڵەوتار

دیزاینی ناوەڕۆك: پێشەوا شێخ رەئووف

دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم سالّح

چاپ: چاپخانەی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نۆبەت و ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢١



اللهُمَّ صَلِّ عَلى سَيِّدِنا
مُحَمَّدِ الوَصْفِ وَالْوَحْي
وَٱلرِّسالَةِ وَالْحِكْمَةِ
وَعَلى آلِهِ وَصَحْبِهِ
وَسَلِّمْ تَسْلِيماً

## دەستپێك

بسم الله الرحمن الرحيم

**﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾** (١٠٤) **آل عمران**

(اللهم صل على سيدنا محمد الوصف والوحي والرسالة والحكمة وعلى آله وصحبه وسلم تسليما)

خوێنەری خۆشەویست...

سەرەتا سوپاسی بێ پایانی پەروەردگار دەکەم و هەزاران دروود و سڵاو دەنێرم بۆ گیان و جەستە و ئارامگەی حەزرەتی (رسول الله-صلی الله علیه وسلم) و خانەوادە و هاوەڵانی بەڕێزی و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی، هەزاران سڵاو و ڕەحمەتی خوا دەنێرم بۆ گیانی پاکی یەک بە یەکی زنجیرە پیاوانی تەریقەتی

قادری کەسنەزانی بەتایبەت سوڵتانی ئەولیا (شێخ عبدالقادری گەیلانی) و سوڵتانی زەمان و ڕوناکی چاوی دەروێشان ڕابەری  کۆچکردووی تەریقەتی قادری کەسنەزانی سوڵتانی خەلیفە محمدالمحمد ی کەسنەزان.

کاتێک ئەم نامیلکەیەم بینی کە لە نووسینی برای ئازیزم (پێشەوا شێخ ڕەئووف)ەو لە دوای خوێندنەوەی پێمخۆشبوو دەستخۆشی لە بەڕێزی و هەموو ئەو خاوەن قەڵەم و فکرانە بکەم کە هەڵوێستیان هەبووە لە بەرامبەر تەریقەتی کەسنەزانی و ڕابەرەکەیدا و عەوداڵی ڕاستی و گەوهەری بابەتەکانن ئەم چەند ڕاستییەشم بۆ دەرکەوت کە پێویستە  لێرەدا بوترێت:

**یەکەم:** تەریقەتی قادری کەسنەزانی، واتە قوتابخانە و پەروەردەی (شێخ عبدالقادری گەیلانی) و شاگرد و جێدارەکانی، کە ئەویش لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە و یەکێکە لە ڕێباز و ڕەوتە ئاینیەکان کە ئەتوانم بڵێم لە ڕووی ئیخلاص و

پەرۆشییەوە بۆ دین و ئاوێتەبوون لەگەڵ عیشق بۆ خودا و پێغەمبەر و ئالوبەیت و قورئان یەکێکە لە ڕێبازە هەرە پیرۆز و جوانەکان کە ئەگەر ڕێنمایی و ئاراستەکانی شێخانی تەریقەت پەیڕەو بکەیت دەتگەیەنێتە مەنزڵ و لای پەروەردگار و پێویست ناکات مرۆڤ لەم ڕێبازە دوودڵ بێت، بێگومان ئێستاش لە هەرێمی کوردستان و عێراق و هەموو جیهانیش تەریقەتی قادری کەسنەزانی نوێنەرایەتی تەریقەتی قادری و ئەو ڕێبازە پیرۆزە دەکات کە ڕێبازی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) و پیاوچاکانی پێشووی ئەم ئومەتەیە، خودا لە هەموویان ڕازی بێت.

شێخی حازر و تازە هەڵبژێردراو و بەیعەت پێدراوی ئەم تەریقەتەش بەڕێز (د.شێخ نەهرۆ کەسنەزانی)یە کە بە شێواز و ڕیتمێک بەیعەتی پێدرا لە مێژوودا وێنەی نییە کە بەکۆی دەنگ و لە مەراسیمێکدا هەموو موریدانی بە شێخ و ڕابەری دنیا و قیامەتیان قەبوڵیان کردووە.

**دووەم:** پێشەوایی و ڕابەرایەتی ئەم تەریقەتە خانەوادەیەکی دیندار و تێکۆشەری کورد و کوردستان دەیکەن، کە ڕەچەڵەک و نەژادیان دەگەڕێتەوە سەر ساداتی بەرزنجە و لەوێشەوە بۆ ئیمامی عەلی و فاتیمەی زەهرا و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە باپیرە نزیکەکانی ئەم بنەماڵەی کەسنەزانییەش لە ناوچەکانی قەرەداغ و سەنگاو گەورەبوون و ژیاون، ئەمەش گەورەترین شانازییە بۆ دەڤەری سلێمانی کە تەریقەتێکی جیهانی ڕابەرەکەی کورد بێت و بە بەرگی کوردییەوە ڕابەرایەتی ملیۆنان مورید و دەروێش بکات، کە بە تێکڕای زمانەکانی جیهان قسە دەکەن لە تەواوی سەر زەویدا و وەلائـو خۆشەویستی ڕاسەقینەیان بۆ ئەم بنەماڵەیە و ڕابەرە ڕۆحی و کوردە هەبێت.

**سێیەم:** ڕابەری ئێستای تەریقەتی قادری تێڕوانینێکی واقیعی و هاوسەنگی هەیە بۆ تەواوی پرس و بابەتە ئایینیەکان و کێشەکانی موسوڵمانان لە کۆی سەر زەویدا، زۆر باش ئیستیعابی بابەتەکان دەکات کە پێ

دەچێ نییەتی زۆر خێری هەبێت بۆ تەواوی موسوڵمانان و مامەڵەکردن لەگەڵ تێکڕای ڕەوت و مەدرەسە جیاوازەکان بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی موسوڵمانان و مرۆڤایەتی، وە لەدوای وەفاتی ڕابەری پێشووی تەریقەتەکەشەوە جەنابی (شێخ محمد شێخ عبدالکریم کەسنەزانی) کۆمەڵێک هەنگاو و بڕیاری پێویستی جێبەجێکردووە لە کۆی تەریقەتەکە و تەکیەکاندا کە بەڕاستی جێگەی دڵخۆشییە بۆ هەمووان.

**چوارەم:** زۆرجار تانە لە دەروێش دەدرێت کە جاهیلن و شارەزای حوکمە شەرعییەکان نین و عیبادەت بە ناتەواوی دەکەن، کە بێگومان جەهل و نەفامی دەردێکی کوشندەیە، بەڵام بە دڵنیایەوە هەر لە سەردەمی زێڕینی هاوەڵانەوە هەندێک موسوڵمان جەهلیان هەبووە بەرامبەر حوکمە شەرعییەکان و بۆیان ڕاست کراوەتەوە و زانایانی ئیسلام و پێشینە چاکەکانیش فەرمایشت و فەتوای زۆر جوانیان هەبووە لەم بارەیەوە کە سەرجەم ئەو شتانە بە خێرو

قازانج بۆ بەرژەوەندی ئەو بەندەیە دەگەڕێتەوە کە ئیخلاصی هەیە و بەرەو لای خودا دەڕوات و مەبەستی خودایە، کە هەموو هەڵسوکەوتی دەرویش و مورید و شوێنکەوتوانی تەریقەتی قادری کەسنەزانیش لەم چوارچێوەیەدایە، بیرمان نەچێت کە لە بەرامبەریشدا تەریقەتی قادری کەسنەزانی بە هەزاران خاوەن بڕوانامەی بەرز و پرۆفیسۆر و خوێندەواری تێدایە لە هەموو ئاست و بوارە جیاجیاکاندا و تەنانەت زانکۆی تایبەت بە خۆی هەیە و موریدانیشی لە جیهاندا بڵاوبونەتەوە کە چاوەڕوانی دواڕۆژێکی پرشنگداریان لێ دەکرێت.

**پێنجەم:** هیوادارم جەنابی (د.شێخ نەهرۆ) بتوانێت ئەم تەریقەتە زیاتر ببوژێنێتەوە و گەشەی پێ بدات، هەروەکو چۆن باوکی بەڕێزیان توانی وشەی کەسنەزانی و بەرگی کوردی بکات بە سیمبول لە جیهاندا و بە نوری خوا و پێغەمبەر دڵی ملیۆنان کەسی دووری ڕوناک کردەوە بە ئیزنی خوا، ئەمانیش بە گوڕ و تینێکی زیاتر و دڵسۆزانە ئامانجە

بەدینەهاتووەکانی موسوڵمانان و شەیدایانی ڕێبازی تەریقەت و تەسەوف بەدی بهێنێنن و موجەدیدێکی ڕاستەقینە بن و هەر خەوش و خڵتەیەک کە تێکەڵاوی چەمکەکانی تەریقەت بوون بە زوویی خاوێنیان بکەنەوە و دەروێش و موریدان پڕچەک بکەن بە چەکی تەقوا و زانست و زانیاری شەرعی، کە ئەمەش کرۆکی ئیسلام و ئیمانە و ڕێبازی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و شێخی گەیلانی و شێخانی کەسنەزان بووە، بێگومان هەر ئەمەشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت.

کاک پێشەوای نووسەر و دڵسۆزیش بەرهەمەکانت بە بڕشت و خامەت ڕەنگین و دڵنیام هەنگاوەکانت بەرەو ئاسۆیەکی ڕوناک و پڕپڕ لە هیوا هەڵدەنێیت.

مەلا شێخ وەهاب بەرزنجی
٤/٧/ ٢٠٢١
سلێمانی

# له تەکیەی سەرەکی قادریی کەسنەزانی چی دەگوزەرێ؟

ڕۆژی پێنجەممە ٢٠٢٠/٩/١٠ بەسەردانێک چوومە تەکیەی سەرەکی قادری کەسنەزانی لە شاری سلێمانی. ئەو ڕۆژە زیاتر لە حەوت کاتژمێر لەوێ مامەوە و نزیکەی دوو سەعات  لە خزمەتی جەنابی کاک شێخ نەهرۆ، ڕابەری تەریقەتەکە لە دیوەخانە گەورە و تایبەتەکەی مامەوە، لەبەرئەوەی یەکەمجارم بوو سەردانی ئەو تەکیەیە بکەم، بۆیە دەبوو بە وردی و سەرنجێکی میدیایانەوە تێڕابمێنم و تەواوی جوڵە و وتە و هەڵسوکەوتەکان سەرنج بدەم، تاکو ئەوەی لە دوورەوە یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بیستبووم، بەراوردیان بکەم بە واقیعی ئەوەی کە لەوێ هەیە و دەگوزەرێ.

بۆیە لەم نوسینەدا هەوڵمداوە، بێ لایەنگیری و سۆزداریی، باس لەوە بکەم کە من بینیومە، با بزانین

له تەكیەی سەرەكی تەریقەتی قادری كەسنەزانی، چی دەگوزەرێ:

*** پێشوازیكردن:**

كە دەچیتە تەكیەی سەرەكی قادریی كەسنەزانی، هەر لە دەروازەی تەكیەكەوە، لەلایەن پاسەوانان پێشوازی گەرمت لێدەكرێت و بەڕێز و حورمەتەوە دەست دەگرن بە سنگیانەوە و فەرمووی چوونە ژوورەوەت لێدەكەن.
هەڵبەت پۆل پۆل خەڵكیی لە پیاو و ژن (كورد و عەرەب و تورك و فارس و نەتەوەی تریش) لە دەروازەی تەكیەكە پێشوازییان لێدەكرێت و دەچنە ژوورەوە.
لە ژوورەوەش چەند گۆڕەپانێكی فراوان هەن، یەكێك لەو گۆڕەپانانە كە زەوییەكەی چیمەنە و چواردەوریشی جۆرەها دار بووە بە پەرژین، لەم گۆڕەپانەدا كورسی دانراوە، هەركەسێك تازە بێتە ژوورەوە، لەلایەن موریدان و پیاوانی بەڕێزی

خۆبەخشی ئەو ناوە، پێشوازیی گەرمی لێدەکرێت و هەوڵدەدرێت جێگەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ دانیشتن، دواتریش لەلایەن کوڕە خزمەتکارە گەنجە چاکەت و پانتۆڵ لەبەرەکانی تەکیەکەوە، ئاو و قاوە و چای پێشکەش دەکرێت.

پاش نوێژی مەغریب و نوێژکردنمان بە جەماعەت لە دیوەخانە تایبەتەکەی (کاک شێخ نەهرۆ)، جەنابی شێخ تەشریفی هێنا، ئەو چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردابوو، دار عاسایەکی سوکەڵەی بەدەستەوە بوو، کاتێک نزیک بووەوە، تەواوی ئامادەبووان لەبەری هەستان و پێشوازییان لێیکرد، ئەویش بەخێرهاتنی تەواوی ئامادەبووانی کرد، لەسەر کورسییە تایبەتەکەی خۆی بەرامبەر بە ئامادەبووان دانیشت، پۆل پۆل خەڵکی دەهاتن و دەچوونە نزیکییەوە بۆ هەواڵپرسین، ئەویش لەبەر هەموو یەکێک لەوانە هەڵدەستا و دەستی بە سنگییەوە دەگرت و ڕێزی خۆی بۆیان دەنواند، دواتر فەرمووی دانیشتنی لێدەکردن، تا میوانەکان دادەنیشتن جەنابی شێخ بە پێوە دەمایەوە. لە پێشوازیکردن و بەخێرهاتنی

میوانانیدا ڕێزێکی زۆر دەنوێندرێ، بەشێوەیەک کە مۆرکی ڕەسەنی کوردەواریی پێوە دیارە.

*** خوانی شاهانە:**

پاش کەمێک و ئامادەبوونی میوانێکی زۆری نزیک بە ٥٠٠ کەس، فەرموو لە میوانان کرا بۆ گۆڕەپانێکی تری گەورە، لەوێ بە درێژی نزیکەی بیست مەتر، مێز و کورسی ڕیز کرابوو، بە چەند ڕیزێک دانرابوون، لەلایەن ستافێکی تایبەتەوە پێشوازی و فەرموو لە میوانان دەکرا. لەسەر سینی گەورە خواردنێکی زۆر کە لە چەند جۆرێکی برنج و شلە و گۆشتی حەیوان و مریشک دانرابوون، خواردنەکان ئەوەندە زۆربوون بەبێ گرفت بەشی ئامادەبووانی دەکرد، تەنانەت خواردنە دانراوەکان بەئامادەبووان تەواو نەدەکرا. خواردن و خوانی ئێوارە زیاتر لە خوانێکی شاهانەیی دەچوو. لەڕاستیشدا خوانی تەکیەی کەسنەزانی ناوبانگێکی باشی هەیە و دەوترێ هیچ شوێن و تەنانەت حزبە گەورەکانیش نەیانتوانیوە هاوشێوەی خوانی تەکیەی کەسنەزانی بەڕێوە ببەن.

*** کۆڕ و مەجلیسی زیکر و هەلهەلەی دەروێشانە:**

پاش نان خواردن، فەرموو لە ئامادەبووان کرا بۆ گۆڕەپانێکی تر کە بە (گۆڕەپانی زیکر) ناوی دەبرێ، لەوێ لە بەشێکی گۆڕەپانەکە بۆ میوانان کورسی دانرابوو، لە بەرامبەریشییدا بە ڕیز و بەرامبەر بە کورسییەکان، دەروێشان و پیر و گەنج و گروپە هونەرییەکان بە دەفەوە لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون، کورسییەکیش لەناوەڕاستەوە دانرابوو بۆ جەنابی شێخ، هەموو لە چاوەڕوانی هاتنی کاک شێخ نەهرۆدا بوون بۆ ئەو گۆڕەپانە، لە دەستی چەپی گۆڕەپانەکەشەوە بەربەستێکی ئاسنین (محاجەرە) هەبوو، لەودیو ئەو بەربەستەوە، ژنان و کچان بە جلوبەرگی پۆشتە و داپۆشراو ڕاوەستابوون و دەیانڕوانییە گۆڕەپانەکە، هەندێک لە ژنەکان بە گروپێکی تایبەت دەچوون، جلوبەرگیان ئاودامانی سپی بوو لەلاتەنیشتەکانەوە دووپارچەی سەوزی پێوەبوو، پێشتر و لەچوونە ژوورەوەمدا توشی ئەو پۆلە ژنە بووم، بۆم دەرکەوت لە نەتەوەی عەرەبن و هاتوون.

*** تەشریفهێنانی شێخ (ڕابەری تەریقەت):**

لە دەرگای پشتەوەی گۆڕەپانەکە، ڕابەر و شێخی تەریقەت، وەدەرکەوت، هەموو تێکڕا لە ئامادەبووان، هەستانە سەرپێ، گروپە هونەرییەکانیش دەستیان کرد بە سەڵاوات لێدان و بەدەم وتنەوەی سەڵاوات و زیکری تایبەت کە پێشتر لە شوێنی تر نەمبینیووە، پێشوازییان لە (شێخ) کرد.

شێخیش بە هەر چوارلادا تەماشای کرد و بە دەستی ڕاستی سڵاوی لە ئامادەبووان کرد.

دواتر کاک شێخ نەهرۆ دانیشت و تەواوی ئامادەبووانیش بەدوایدا دانیشتن.

گروپە هونەرییەکان کە لەچەند گەنجێکی کورد و عەرەب پێکهاتبوون، دەستیان کرد بە زیکر و سەڵاوات و خوێندنی موناجات و سروود و مەدح و پیاهەڵدان بە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و پیاوچاکان و شێخانی تەریقەت، دەنگی سروود و زیکر و سەڵاواتی گروپەکە و دەروێشەکان تەواوی گۆڕەپانەکەی پڕکردبوو، دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەبوو، لەهەر چوار

لاوه، دەروێش و ئامادەبووان لەگەڵ گروپە هونەرییەکە جاروبار زیکر و سەڵاوات و شیعاراتە ئاینییەکانیان دەوتەوە، بەشێکیان هەڵدەسان و دەستەکانیان بەرز دەکردەوە و دەگریان، لەژێر کاریگەری زیکر و سروودەکان گەنج و پیاو دەگریان و فرمێسکیان وشک نابۆوە، سەیرە ئەوە چ عیشق و خۆشەویستییەکە بۆ ئاین و تەریقەتەکە پیاوێکی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر، دکتۆرێک، مامۆستایەک، مەلایەک، گەنجێک، ژنێک، بە سەعات بە کوولْ بگرییێت، دەستەکانیان بەرزبکەنەوە و زیکری خوا و وەصفی پێغەمبەرەکەیان بکەن.

تەواوی دیمەنەکان سەرنجڕاکێش بوون، تەنانەت پۆلیسی نوکتەی حەرەسیاتەکەش لە نوکتە و قوولەی بەرزی حەرەسیاتەکەیەوە، بە جلوبەرگی سەربازی و بە چەکەوە، خۆی پێ نەگیرا و وەکو دەروێشێکی حاڵ لێهاتوو دەستەکانی بەرزدەکردەوە و لەگەڵ ئامادەبوواندا زیکر و سروودەکانی دەوتەوە.

گۆڕەپانەکە یەک پارچە بوو بە دەنگی دەف و زیکر و پاڕانەوە. هەموو ڕوحەکان تێکەڵی یەکدی دەبوون و

بەیەکەوە هاوشانی یەک، بەدەنگی بەرز سرووتە ئاینییەکانیان دەوتەوە. ئەم کۆڕی زیکر و دەف ژەنینە، نزیکەی دوو سەعاتێکی خایاند.
لەکۆتاییدا، شێخ هەستایە سەر پێ و مەلایەکی بەتەمەنی ڕیش سپی بانگ کرد تاکو دوعا بخوێنێ، هەموو ئامادەبووانیش نریک بوونەوە  لە شێخ و بەشێوەی بازنەیی بە دەوریدا کۆبوونەوە، لەبەرئەوەی دەمویست لەنزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکان بم، لەپشتی شێخەوە لای دەستە ڕاستییەوە ڕاوەستام. هەموو چاوەکان لەسەر شێخ بوون، هەموو دەیانڕوانییە شێخ، مامۆستا ئاینییەکە نزیک بە پێنج خولەک دوعای خوێند، دواتر چەند زیکر و سەڵاواتێکی تر خوێندرا و جەنابی شێخ دووبارە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و داوای لە ئامادەبووان کرد کە سڵاوی تایبەتی شێخ بگەیەننە یەک بەیەکی ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکانیان، پاش ئەوە شێخ گۆڕەپانەکەی بەجێهێشت و بەرە و دیوەخانە تایبەتەکەی خۆی ڕۆیشت.

*** دیوەخان، یان حەرەمسەرای خەلیفەکان:**

پاش گەیشتنی  شێخ بە دیوەخانەکەی، دیار بوو مەوعیدی لەگەڵ چەند کەسایەتییەک دانابوو کە لەوێ بیان بینێت، ئێمەش سێ کەس بووین کە هاوسەفەری "مامۆستا مەلا عەبدولوەهاب سەنگاوی" بووین، ئیزنمان لە پاسەوانەکان خواست و چووینە دیوەخانە گەورەکەی شێخ، هەر کە چووینە ژوورەوە جەنابی شێخ لەبەرمان هەستا و بەڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردین، جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولوەهاب سەنگاوی، لە نزیکەوە یەک یەک ئێمەی بە شێخ ناساند، پاشان فەرمووی دانیشتنمان لێکرا، لەبەرامبەر جەنابی شیخ دانیشتین، درێژی دیوەخانەکە نزیک بە سی مەترێک دەبێ، جەنابی شێخ لە ناوەڕاستەوە و لەسەر کورسییەک دانیشت و پەیتا پەیتا میوانان دەهاتنە ژوورەوە، لەگەڵ هاتنی هەر میوانێک، جەنابی شێخ لەبەری هەڵدەستا و بەگەرمی پێشوازی لێدەکرد و فەرمووی دانیشتنی لێدەکرد، هەندێجار کە میوانەکان دادەنیشتن دووبارە شێخ

لەبەریان هەڵدەسایەوە و بەخێرهاتنی دەکردنەوە، ئەو تایبەتمەندییە مەگەر هەر لە کلتوریی ڕەسەنی کوردەوارییدا هەبێت، لەو دیوەخانەدا گەورە و بچوک، خوێندەوار و نەخوێندەوار، عەمامە بەسەر و پانتۆڵ لەپێ، هەموو وەک یەک ڕێزی لێدەگیرێت و بەخێرهاتن دەکرێت، لەلایەن گەنجە جوان و چاکەت و پانتۆڵ لەبەرەکانەوە، وێنەی یادگاری میوانان دەگیرێت و چەندجارێک چا و قاوە و ئاو پێشکەش دەکرێت. لە دیوەخانەکەی شێخ، مرۆڤ هەست بە ئارامی دەکات.

## * باسوخواسی نێو دیوەخانە تایبەتەکەی ڕابەری تەریقەت:

لەدیوەخانەکەی شێخ، زیاتر لە دوو کاتژمێر مامەوە، ئامادەبووانی ناو دیوەخانەکە بریتی بوون لە (دکتۆر، پسپۆڕی بواری شەریعەت و فیقهـ ، مامۆستای ئاینی، مامۆستای خوێندنگە، ڕۆژنامەنووس، چالاکوانی کومەڵگەی مەدەنی، ڕیش سپی و پیاوانی بە ئەزموون)، چەندین بابەت و تەوەر لەوێ گفتوگۆی

لەبارەوە کرا، ئەوەی بۆمن جێگەی سەرنج بوو، پیاوانی ئەو مەجلیسە هەموو خەڵکی شارەزا و پسپۆڕ و تایبەتمەند بوون، هەر باسێک دەهاتە پێشەوە، ئامادەبووان بە زانستییانە و بە بەڵگەی قورئانی و فەرموودە و ڕاوبۆچوونی زانایان و بابەتی زانستی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرد، هەندێجار بۆچوونی پێچەوانە دروست دەبوو، بەرامبەرەکەی بە نەرمونیانی و لەسەرخۆ، بە ئەدەبی مەجلیسی پیاوچاکان و زانایان وەڵامی دەدایەوە، کەس قسەی نەدەدایە بەر قسەی یەکتر، هەمووان ڕێز و حورمەتی تایبەتییان لەیەکتر دەگرت، وا هەستت دەکرد لە یەکێک لە حەرەمسەراکان و مەجلیسی خەلیفەیەکی عەباسی و دانایان و زانایانی پێشین دانیشتوویت.

کاک شێخ نەهرۆش، بەیەک مەودا و دووری هەوڵیدەدا لە گفتوگۆی ئامادەبووان بەشداربێت، هاوکات هیچ یەکێک لە ئامادەبووانی پشتگوێ نەدەخست، ڕووی بە هەموولایەکدا دەسوڕاند و تەماشای ڕووی یەک بە یەکی دانیشتووی مەجلیسەکەی دەکرد.

لەڕووی فکر و ئایدیا و  زانستیشەوە، بۆم دەرکەوت جەنابی شێخ نەهرۆ، تەنها گەنجێک نەبووە لە دەرەوەی وڵات ژیابێت و سەرقاڵی بزنسی خۆی بووبێت، بەڵکو لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا بۆم دەرکەوت کە ئەو پیاوە شارەزاییەکی زۆرباشی هەیە لە بواری سیاسەت و مێژوو و ئاین و تەنانەت ئاگاداری دۆخی ژیانی خەڵکی و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردستانیش بوو، ئەو پیاوێکی بە ئاگا و وریایە، لە گفتوگۆ و قسەکردندا نایەوێت هیچ هەڵەیەک بکات، نەرمونیان و لەسەرخۆیە، بە وردی گوێ لە بەرامبەرەکەی دەگرێت و دواتر وەڵامی دەداتەوە، بۆ هەر بابەتێک قسەی خۆی هەیە و ژیرانە دەدوێ، کە قسە دەکات سیاسییەکی ژیر و بە ئەزموون و خاوەن سەلیقە دەبینیت، هەرگیز هەست ناکەیت ئەم پیاوە ڕۆژێک لە کوردستان دوورکەوتبێتەوە.

لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر، هەوڵیداوە کارەکانی دابەشی چەند لیژنەیەک بکات و بۆ ئەو مەبەستەش خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا و تایبەتمەندی لەخۆی کۆکردۆتەوە و پرس و ڕا و متمانەیان پێدەکات،

نموونەی مامۆستا مەلا عەبدولوەهاب سەنگاوی، گوێ لەسەرنج و تێبینی و بۆچوونەکانیان دەگرێت. جەنابی شێخ پلانی کارکردنی فراوانی هەیە، ئەو دەیەوێت تەکیە و حەرەمسەراکەی ببێتە شوێنی هەمووان و کۆکەرەوەی هەمووان بێت، وەکو خۆی وتی، ئەو نایەوێت دژایەتی هیچ ڕەوت و ئایدیا و مەزهەب و نەتەوە و لایەنێک بکات، دەیەوێ هەمووان بەیەکەوە بە ئاشتی و خۆشگوزەرانیی ژیان بکەن. ئەو داواکاربوو کە خاوەن بۆچوونە جیاواز و مەزهەبە جیاوازەکان لە تەکیە و دیوەخانەکەیدا کۆببنەوە و لەنزیکەوە گفتوگۆی زانستی و ئاقڵانە بکەن.

ئەو مرۆڤێکە هی سەردەمەکەی خۆیەتی و دەیان و سەدان خەون و خولیای بۆ خزمەتی نەتەوەکەی و ئاینی ئیسلام و مرۆڤایەتی هەیە. ئەو ئەرکێکی قورسی لەسەرشانە، ئەو ئێستا ڕابەر و شێخی تەریقەتی گەورە و فراوانی قادری کەسنەزانییە، ئەو جەنابی کاک شێخ نەهرۆیە.

## ڕێبەری نوێ
## بۆ سەردەمێکی نوێ

لەدوای کۆچی دوایی (شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی) لە ٢٠٢٠/٧/٤، (شێخ نەهرۆ شێخ محەمەد کەسنەزانی) ڕابەرایەتی تەریقەتی گرتەدەست.

شێخ نەهرۆ، ڕێبەری تەریقەتێکە بۆ سەردەمێکی نوێ، بۆیە جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت لە فکر و ئایدیا و تێڕوانینی بۆ ژیان و مرۆڤایەتی و تەنانەت بۆ تەریقەتەکەیشی کە یەکێکە لە گەورەترین تەریقەتی ئیسلامیی.

شێخ نەهرۆ، لەماوەی کەمتر لە ساڵێکی ڕێبەرایەتیکردنی تەریقەتەکەیدا، هەوڵیداوە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە تەریقەتەکەیدا بکات و تەریقەتەکە لە ڕێبازێکی ڕۆحانی و داخراوی ئایینییەوە

پەرەپێبدات بۆ ڕێباز و تەریقەتێکی ئاینی مۆدێرن و سەردەمیانە لەچوارچێوەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام، هەرئەوەش وایکردووە زۆرترین کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و چین و توێژە جیاوازەکان و ئەکادیمیست و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ژنان و گەنجان و چالاکوانان، لە دیوەخان و میوانخانەکەی ببینرێن و سەردانی بکەن.

هاوکات، فراوانبوون و گەشەسەندنی تەریقەتی قادری کەسنەزانی و ڕۆڵی کارای شێخ نەهرۆ، وایکردووە میدیاکان زۆرترین فۆکس بخەنە سەری و لەو ماوە کورتەدا، بەڕاست و ناڕاست، زۆرترین ڕاپۆرت و هەواڵی لەبارەوە بڵاوبکەنەوە. تەنانەت ناوبانگ و فراوانی تەریقەتەکەی وایکردووە پەیج و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆئەوەی زۆرترین بینەر و خوێنەریان هەبێت، دەست دەبەن بۆ شێخ و تەریقەتەکەی، زۆرجار بابەتی ناڕاست و تۆمەتیش دەئاخننە نێو ڕاپۆرتەکانیان و بێویژدانانە و هەندێجاریش نەزانانە و بێ زانیاریی ڕاپۆرتەکانیان بڵاودەکەنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، تەواوی ئەو میدیا و پەیجە سێبەر و ئاڕاستەکراوانە، لەلایەن ژمارەیەک حزب و کەسایەتیی نێو حزبەکان، بە پارەی دزراوی میلەت، پاڵپشتی دارایی و مەعنەویی دەکرێن و ئاڕاستە دەکرێن، ئەوان شوێن و پێگە و سیاسەت و کاریان دیارە و ناسراویشن. بەڵام ئەو میدیا ئاڕاستەکراوانە بەبێ ئەوەی بیر لە سەرچاوەی داهاتی خۆیان بکەنەوە کە لە کوێوە دابین دەکرێت، دێن ڕاپۆرتی بێ بەڵگە و بابەتی لاواز و هەواڵی ناڕاست لەسەر تەریقەتی قادری کەسنەزانی و ڕێبەرەکەی بڵاودەکەنەوە. لەکاتێکدا دەبوو ڕووی ڕەخنە و نوکی کول و شکاوی ڕمەکانیان ئاڕاستەی ئەو حزب و کەسایەتییانە بکەن کە دەستیان هەیە لە بڕینی موچە و تالانکردن و دزینی سەروەت و سامانی تاک بەتاکی ئەم میلەتە.

شێخ نەهرۆ پیـرۆز نییە، نە پێغەمبەرە و نە وەحی لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە، وەکو هەندێ خەڵک لە دەرەوەی تەریقەت ئەو تۆمەتە دەدەنە پاڵ شوێنکەوتووانی و پێیانوایە ئەوانەی لە دەوری شێخن،

به پیرۆزی دادەنێن و جۆرێک لە پەرستن دەیپەرستن، ئەو وەکو هەر تاکێکی تری ئەم کۆمەڵگەیە مرۆڤێکی ئاساییە، خوێندەوارێکی باش و پیاوێکی وریا و بە ئاگا و بەحورمەتی نێو دیوەخانی کوردەوارییە، خانەدان و نانبدە و خاوەنی پەیوەندییەکی بێسنورە، بەڵام ئەوشتەی ئەوی جیاواز کردووە، ئەرک و بەرپرسیارێتی قورس و گرانی سەرشانێتی کە دەبێ لەم قۆناغەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ڕێبەرایەتییکردن و سەرپەرشتیکردنی ڕێباز و تەریقەتە ئایینییەکەیەتی کە ملیۆنان کەس لە دەیان وڵاتی دونیاوە شوێنکەوتەین و بووە بە تەریقەتێکی گەورەی جیهانی و نێو دەوڵەتیی، ئەم بەرپرسیارێتییەش بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە، کە دەبێ شێخ نەهرۆ بەهەموو توانا و وزەیەوە شانی بداتەبەر و کورد وتەنیی "دەست لەدەست و قووەت لە خوا".

بەڵام پرسیارێکی جەوهەری هەیە، کە دەبێ مرۆڤی ژیر و خاوەن ئاوەز لەخۆی و چواردەورەکەی بکات، ئەویش ئەوەیە:

ئایا ئەوە شێخ نەهرۆ و تەریقەتی قادری کەسنەزانییە چەندین ساڵە ئەم میلەتە دەچەوسێننەوە و سەروەت و سامانی بەتاڵان دەبەن، یان حزب و فیرعەونەکانی ناو حزبەکانن؟

هەزاران کوڕی ئەم وڵاتە کە لەشەڕی ناوخۆدا بەکوشت دران، دەستی شێخ نەهرۆی لە پشتەوە بوو یان حزبە کوردییە نابەرپرس و بەرژەوەندیخوازەکان؟ ئایا خەڵکی چەوساوە و موچە دزراو، موچەکانیان لای شێخ نەهرۆیە، یان لای حزبەکان و سەرانی تاڵانچی ئەو حزبانە؟

بۆیە، ئەگەر خەڵک و میلەت حەق و مافێکیان لای شێخ نەهرۆ و تەریقەتی قادری کەسنەزانییە، دەکرێ بەردەرگای لێ بگرن و لەبەرچاوی میدیا و کەناڵەکان داوای مافەکانیان بکەنەوە، ئەگەریش وانییە، قسە گوتن و تۆمەت و هەڵڕشتنی ڕقی خۆبەبچوکزانی کارێکی خراپە و هێندەی تر مرۆڤە بچوکەکان پێی بچوک دەبنەوە و شێخ و تەریقەتەکەیشی گەورە و فراوانتر دەکات.



## شێخەکانی گوندی کرپچنە
## لە بیرەوەرییەکانی ساڵی ١٩٤٣ دا

( ٧٧ ساڵ لەمەوبەر)

مەلا نوری ئاغجەلەری، لە کتێبی "بیرەوەرییەکانم لەنێوان بینین و بیستندا" باسی لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی خۆی دەکات لە حوجرە و مەدرەسە ئایینییەکاندا.

لە درێژەی نووسینەکانییدا باسی ئەو سەردەم و قوناغە دەکات کە بەمەبەستی خوێندنی ئایینی چۆتە گوندی کرپچنەی زێدی شێخە گەورەکانی رابەری تەریقەتی قادری کەسنەزانی و چەند باسێک دەگێڕێتەوە، لێرەدا بەشێکی ئەو نوسین و یادەوەرییانەی وەکو خۆی دەخەینەڕوو:

(دوای سەعات و نیوێک ڕێکردن، لەسەر کانییەکی بۆ نوێژکردن سازکراوی نزیکی کرپچنە کە دارتوویەکی

لەلاوە بوو و چواردەوری بە تاشەبەردی گەورە گیرابوو بۆ نوێژکردن، لاماندا بۆ پشوودان. دیمان (شێخ عەبدولکەریم) لەسەر یەکێک لەو تاشەبەردانە دانیشتووە. مامۆستا عەبدوڵای کرپچنە هەر زوو ئاگاداری کردینەوە و حەزرەتی شێخی نیشانداین کە باوکی یەکێک لە خەلیفەکانی بوو. شێخ کە ئێمەی دی، هەستایە سەر پێ و بە بزە و دەم و زمان و ڕوویەکی خۆشەوە، بەگەرمی پێشوازیی کردین. دەستمان ماچ کرد، لێی پرسین: ناوتان چییە و خەڵکی کوێن؟ دەتانەوێ چی بخوێنن؟ کە وتم: خەڵکی ئاغجەلەرم، ئەحواڵی خاڵمی پرسی، زۆر شادومانبوو کە زانی خاڵمە.

ئێتر شێخ فەرمانیدا جێ و ڕێمان بۆ ڕێکبخەن و نانێکی باشمان بۆ ئامادە بکەن. شەو هەموومان لەماڵی شێخ کۆبووینەوە، لەگەڵ کوڕە شێخەکاندا، کە خوالێخۆشبوو شێخ حسێنی کوڕی شێخ عەبدولکەریم و شێخ تاهیری شێخ حسێن و شێخ محەمەد و ١٠ کەسی تر دەبوون، کەوتینە قسە و باسی خۆش.

شێخ پیاوێکی خواناسی باڵابەرزی ڕێکوپێکی دەمبەخەندە بوو، سەڵتە و کەوای لەبەر دەکرد و مشکیی دەبەست، دەمانچەیەکی بە لاقەدەوە بوو. تەسبیح بەدەستەوە، بەردەوام سەڵاواتی لێدەدا. بە کەمیی دەیزانی بنوسێ و بخوێنێتەوە، پیڕستێکی دینیی تەواوی هەبوو. زۆر بەهێز و توانایش دەردەکەوت. تەمەنی نزیکەی ٣٥-٣٦ ساڵ دەبوو و جێنشینی شێخ حسێنی براگەورەی بوو. لەزۆربەی ناوچەکاندا ناوی بە زوهــد و خواپەرستی دەرکردبـوو. هەمیشە هەوڵی بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی دینی پیرۆزی ئیسلامی دەدا لە ڕێگەی تەریقەتەکەیەوە. هەرچەندە شێخ کاکەحەمەی برای بە تەمەن لەو گەورەتر بوو، بەڵام کەسێتی و هەیبەتی شێخ عەبدولکەریم خۆیان لە ناوچەکەدا سەپاندبوو و سەدان خەلیفە و هەزاران دەروێشی لە کوردستانی عێراق و دیوی ئێران و بگرە تورکیا و زۆر دێی عەرەبنشینی سـامـەڕا و تکـریـت هەبـوو.

بەوپێیە، ڕێدەکەوت چوار یان پێنج دەستە کە هەریەکەیان ٤٠-٦٠ کەس دەبوون و خەلیفەیان لە

پێشەوە، بە تەپڵ و دەفلێدانەوە دەهاتن، تا دەگەیشتنە بەردەمی تەکیە یان مزگەوت، تاوێکی باش بە زیکرەوە (حـی الله)یان دەکرد. دوای پشوویەکی کورت، دەچوون بۆ دەست ماچکردنی شێخ و لەدەوری دادەنیشتن و داوای دوعای خێریان لێ دەکرد. دواییش دەچوونە زیارەتی نـزرگـە پیرۆزەکانی ناوچەکە.

(شێخ عەبدولکەریم) کوڕی شێخ قادری کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان بوو، دەچوونەوە سەر شێخ ئیسماعیلی ولیـانی، ئەویش دەچێتەوە سەر شێخ عیسـای بەرزنجی کوڕی شێخ بابا تـاهیـری هـەمـەدانـی. شێخ حسێن و شێخ محەمەدی جووتە کوڕی شێخ، لە حەپسەخانی کچی (شێخ عەبدولقادری گوللــە نەبڕ) بوون، شێخ عەبدولقادر و شێخ عەبدولکەریمی کوڕی، ئەو دەمە لە (گۆپتەپە)ی سەنگاو دادەنیشتن و لەو ناوچەیەدا زۆر ناوداربوون.

شێخ حسێنی کوڕە گەورەی حەزرەتی شێخ، پیاوێکی ئازا و زیـرەک و وریا و تفـەنگچـی و ڕاوچییەکی چـاک بـوو، دەنگێکی زوڵاڵی خۆشی هەبوو، زۆر

حەزی لە گۆرانی فارسی دەکرد، برایەتی و هاوڕێیەتیمان زۆر بەتین بـوو، ساڵانی خوێندنم لە کۆلێژ لە بەغدا هەمیشە سەری لێدەدام، بەڵام بەداخەوە ئەم لاوە شۆخە تەمەنی کورت بوو، زوو جـوانەمـەرگ بوو، ناوەڕاستی ساڵانی پەنـجـا بە نەخۆشی شێرپەنجـە کۆچـی دواییکرد.

شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریم، تەمەنی هەشت ساڵان دەبوو، مـن دەرسـم پـێ دەوت، وەک شێخ زۆر مەبەستی بوو، بەشی خۆی فێری نووسین و خوێنـدنـەوە بوو. دوای کۆچی دوایی باوکی، بووە جێنشینی و ئاڵای تەریقەتەکەی درایە دەست. ئێستا لەناو چ کورد چ عەرەبدا، یەکێکە لە شێخە بەناوبانگەکانی عێراق، پەیوەندییم تا کاتی خوێندنم لە بەغدا و مامۆستایەتییم لە دواناوەندی سلێمانی، هەر بەردەوام بوو، هەموو کاتێک سەرمان لە یەکتری دەدا.)

.....................................................

سەرچاوە:

- مەلا نوری ئاغجەلەری، بیرەوەرییەکانم لەنێوان بینین و بیستندا، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، لاپەڕە ٣٩،٣٨،٤٠



مەرقەدی خوالێخۆشبوو (شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی) و
شێخانی تەریقەتی قادری کەسنەزانی لە گوندی کرپچنە

# کرپچنە، گوندێکی بچکۆلە و ناوەندێکی گەورەی ئاینیی و تەسەوف

کرپچنە، گوندێکی بچکۆلەیە بە تەنیشت ناحیەی سەنگاو، لە بناری چیای سەگرمە، زۆر دوور نییە لێیەوە، کەوتووەتە ڕۆژهەلاتی ناحیەکەوە، لەمێژە ئەم گوندە ئاوەدانە.
دەربارەی ناوی کرپچنە، هەندێک پێیانوایە کە لە (**قرِب الجنة**)ی عەرەبییەوە هاتووە، واتا نزیک بەهەشت. بۆچوونی تریش هەیە سەبارەت بە ناوەکەی.
بەهۆی پێگەی بەهێزی رۆشنبیری و ئاینی و کۆمەلایەتییەوە، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، گوندی کرپچنە ماوەیەک ناوەندی ناحیەی سەنگاو بووە.
ئەم گوندە رۆڵێکی گەورە و گرنگی لە پەرەپێدانی بواری رۆشنبیری و خوێندنی ئاینی هەبووە، هاوکات لە شۆڕش و فیداکاریشدا پێشەنگ بوونە و دەیان شەهیدیان لەپێناو خاکی کوردستان بەخشیووە.

سەردەمێک ئەم گوندە ناوەندێکی گەورە بووە بۆ فێربوونی قورئان و شەریعەت و تەریقەت و بابەتە دینییەکان، باشترین خوێندنگە بووە، فەقێ و سوختە و قوتابیانی ئاینیی ئەگەر لەوێ دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسایە و بیانخوێندایە، ئەوە دەستکەوتێکی گەورە بووە بۆیان و شانازییان پێوە کردووە. ئەویش بەهۆی ناوبانگ و بوونی مامۆستا و مەلا و شێخی تەریقەتی بەرز و باڵا. پێش ئەوەی خوێندنگەی حکومی لەم گوندەدا بکرێتەوە، دەیان ساڵ پێشتر خوێندنگەی ئایینی و حوجرە هەبوونە و لەهەر چوار لاوە فێرخوازان روویان تێکردووە.

نەک هەر فێرخوازانی کورد، بگرە لە وڵاتانیشەوە شەیدای ئەوەبوون لەم گوندە بچکۆلەیەدا بمێننەوە و تیایدا بخوێنن، لەوێ لەسەر دەستی شێخانی تەریقەت و مامۆستایانی ئایینی، وانە دینیی و پەروەردەیی و ئەخلاقییەکان فێردەبوون، لەوێ لە (کرپچنە) مرۆڤ بونیاد دەنرا.

کرپچنە، زێد و خاکی پیرۆزی شێخانی گەورە و بەڕێزی تەریقەتی قادری کەسنەزانییە، شێخە گەورە و

خۆشەویستەکانی خوا، پشتاوپشت خزمەتی ئاینیی ئیسلام و شەریعەت و تەریقەتیان کردووە، لەوێ سەدان مرۆڤی جوان و خوێندەوار و خزمەتکاری ئایین پێگەیەندران.

ئێستاش کاریگەریی ئەو قوتابخانە دینیی و پەروەردەییە لەسەر بەشێکی زۆر لە خەڵکی ماوە و دۆستانی تەریقەت درێژەپێدەریی ئەو قوتابخانە جوانەی ئایین و کوردایەتییەن.

بۆیە تەریقەتی قادری کەسنەزانی، بۆتە جێگەی شانازی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان، بەتایبەتی بۆ سنوری قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی سەنگا و گوندی کرپچنە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەم تەریقەتە سنورە بچوکەکانی تێپەڕاندووە و لە تەریقەتێکی لۆکاڵییەوە بووە بە تەریقەتێکی گەورەی جیهانی و لەسەر ئاستی جیهان ملیۆنان پەیڕەوکاری هەیە و ڕۆژ بەرۆژیش بەرەو فراوانبوون و گەورەبوون دەچێت.



مەرقەد و مزگەوتی خوالێخۆشبوو
(شێخ عەبدولقادری گەیلانی) لە بەغدا

# تەریقەت ڕێگەیەک بۆ نزیکبوونەوە
# لە پەروەردگار

**﴿أَللّٰهُمَّ صَلِّ عَلى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ ٱلوَصفِ وَٱلوَحْيِ وَٱلرِّسَالَةِ وَٱلحِكْمَةِ وَعَلى آلِهِ وَصَحبِهِ وَسَلِّمْ تَسليماً﴾**

تەریقەت و تەسەوف، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لەدوای هاوەڵانی پێغەمبەر و تابیعین دیاترین ڕابەری تەریقەت، زانا و عاریف و خواناسی پایەبەرز، جەنابی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)یە، کە لە ساڵی ١٠٧٧ ز، لەدایکبووە، تەریقەت لەسەر دەستی ئەم خواناس و سۆفییە گەورەیە پەرەی سەند و بەدرێژایی سەدان ساڵ دەستاودەست لەلایەن پیاوان و ڕابەرانی تەریقەتەوە درێژەی پێدرا و بەدرێژایی مێژوو ملیۆنان پەیڕەویکاری هەبووە و لەچوارچێوەی تەریقەتدا

خواناسی و دینداری و پەرستشەکانی خۆیان ئەنجامداوە.
زانا و عاریفی گەورەی ئیسلام، شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەفەرموێت:(تەریقەت لەسەر دوو شت، بنەما نراوە، ئەوانیش بریتین لە قورئان و سونەت، ئەوەی لە دەرەوەی ئەم دوو بنەمایە بێت لە ئێمە نییە). هەروەها دەفەرموێت: (قورئان و سونەت دوو باڵن پێی دەفڕین بۆلای پەروەردگار).
ڕێگەی دینداری و خواپەرستی و تەریقەت لە هاوەڵانی پێغەمبەر و تابیعین و دواتریش لە عاریفی گەورە شێخ عەبدولقادری گەیلانیەوە، درێژە دەکێشێت تا دەگاتە تەریقەتە جیاواز و جیاجیاکان، بۆنموونە تەریقەتی قادری کەسنەزانی لەلایەن (شیخ عەبدولکەریم شاهی کەسنەزانی) ڕابەرایەتی کراوە و دواتریش بۆ هەریەک لە عاریفان و ڕابەرانی گەورەی تری تەریقەت وەکو جەنابی (شێخ عەبدولقادر کەسەزانی) و (شێخ حسێن کەسنەزانی) و (شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی)، پاشانیش هەریەک لە جەنابی (شێخ محمد کەسنەزانی) و (شێخ نەهرۆ

کەسنەزانی) ڕابەرایەتی تەریقەتی قادری کەسنەزانییان گرتۆتە ئەستۆ.

**تەریقەت لەسەر چەند بنچینەیەک دامەزراوە، (هەندێک لەوانە:**

*** پابەندبوون بە قورئان و سونەت:**

ئەم دوو سەرچاوە گەورەیە، بنەمای سەرەکی و شارێگە و ڕێبازی موسوڵمانان و ئەهلی تەریقەتن، بۆیە تەواوی ڕابەرانی تەریقەت، جەختدەکەنەوە لە پابەندبوونی تەواوەتی بە قورئان و سونەتەوە. ئاماژەیان بەوەشکردوە هەر کەسێک پابەندی قورئان و سونەت نەبێت لە ئێمە نییە و لە دەرەوەی ئەهلی تەریقەتدایە.

***جدییەت:**

واتا جدیی بوون لە ئاکار و ڕەفتارە جوانەکان بۆ نزیکبوونەوە لە خوای پەروەردگار.

*** کۆڵنەدان لە ڕێگەی سەخت:**

واتە دینداری و دەستگرتن بە بنەما سەرەکییەکانی ئایینەوە، کۆڵنەدان و پشوودرێژیی پێویستە بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، ئەمەش ڕێگەیەکی سەخت و دژوارە، بەڵام دەمانگەیەنێتە پلەی عیرفانی و هەستکردن بە چێژی ئیمانداریی و خواپەرستی.

***پاککردنەوە و پاڵفتەکردنی نەفس:**

بەو مانایەی بۆئەوەی بگەین بە دینداری و خواپەرستییەکی تەواو و چێژلێبینراو، پێویستە نەفسی خۆمان لە خراپە و گومان و هەستی خراپەکاریی پاک بکەینەوە و دڵ و دەروونمان پاڵفتەبکەین لە بیر و هزری خراپ و نەشیاو، تاکو دواجار دڵ و ڕوحێکی پاک و بێگەردمان هەبێت بۆ خواپەرستییەکی ڕاستەقینە بەوشێوەیەی کە خوا و پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) داوایان لێکردوین.

*** بوونی سنورەکان:**

واتا جیاکردنەوەی حەڵاڵ و حەرام لەیەکتری و پاراستنی ئەو سنورانەی خوای گەورە بۆی داناوین و

پارێزگاریی لێکردنیان و نەبەزاندنی سنورە شەرعییەکان.

*** زیکر و یادی خوا:**
گومانی تێدانییە یەکێک لەو کارانەی کە لە ئاییندا جەختی لێکراوەتەوە و مرۆڤ لەخوای گەورە نزیک دەکاتەوە و دەبێتە هۆی لێخۆشبوون و بەدەستهێنانی پاداشتێکی زۆر لە ڕۆژی دواییدا، زیکر و یادی خوای گەورەیە، بۆیە پەیڕەوکارانی ڕێبازی تەریقەت هەمیشە زیاتر لەهەر قوتابخانە و مەدرەسەیەکی تری ئاینیی گرنگی تایبەتییان بە زیکر و یادی خوای گەورە و پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) داوە.

*** خۆشەویستیی ئالوبەیت:**
خۆشەویستی و نواندنی ڕێز بۆ ئالوبەیت و نەوە و بنەماڵەی بەڕێزی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) یەکێکی ترە لە بنەما و سیما جوانەکانی ئەهلی تەریقەت.

*** خۆشەویستیی و نواندنی ڕێز بۆ ئەولیا و پیاوچاکان:**

سیما و خەسڵەتێکی تری موسوڵمانی ڕاستەقینەی دابڕاو لە ڕق و کینە و دووبەرەکیی، خۆشەویستیی و نواندنی ڕێزە بۆ ئەولیا و پیاوچاکان و ڕابەرانی تەریقەتە جیاوازەکانی ئاینی ئیسلام، ئەویش وەکو وەفایەک بۆ ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە قورسانەی کە لەسەر شانیانە لە پێناو گەیاندنی ئاینی ئیسلام و درێژەدان و پەرەپێدان بە بنەما و سیما جوانەکانی ئایین.

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، تەریقەت و ڕێگەی عاریفان و صۆفی و مورید و ئەهلی زیکر، لە پەیڕەوانی ڕاستەقینەی ئیسلام و درێژەپێدەری ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام و ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستییە.

بۆ ئەم نووسینە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

* صادق الطائي، الصوفية في العراق، جدل الدين والسياسة.

* إبراهيم الدروبي، كتاب المختصر في تاريخ شيخ الإسلام عبد القادر، باكستان١٩٥٩.

* د.جمال الدين فالح الكيلاني، جغرافية الباز الاشهب، تحقيق مكان ولادة الشيخ عبد القادر الكيلاني.

* د.خاشع المعاضيدي، من بعض أنساب العرب، دار الرشيد، بغداد، ١٩٩٧.

* مؤسسة الرسالة، سير أعلام النبلاء - الذهبي- الطبعة: الثالثة، ١٩٨٥.

* موقع الطريقة القادرية العلية.

* د.جمال الكيلاني، جغرافية الباز الاشهب، المنظمة المغربية للثقافة والعلوم، ٢٠١٤.



سەردانیکردنی شای ئێران بۆلای  خوالێخۆشبوو

(شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی)

## ئەخلاق و ئەتەکێت لای
## ئەهلی تەسەوف و تەریقەت

سەرەکییترین شت لای ئەهلی تەسەوف ئەوەیە لەسەر بنەمای قورئان و سونەت، پاککردنەوەی دڵ و ڕوحە لە هەموو جۆرە بیر و فکر و وەسوەسەیەکی خراپ، تا دەگاتە ئەو ئاستەی پێی بوترێت (زاهد). پرسیاریان لە پیاوچاکێک کرد وتیان (زهد واتای چییە؟) فەرمووی: لە سێ پیت پێکهاتووە:

(ز: تەرکی زینە)

(هـ : تەرکی هەوا و ئارەزووی خراپ)

(د: تەرکی دونیا).

مرۆڤ بە پشتگوێخستنی جوانی و کەمالیاتەکانی دونیا و دوورکەوتنەوە لە هەوا و ئارەزووەکانی و تەرکی بەرژەوەندی و قازانجە دونیاییەکانی، دەگاتە پلەی زاهید، ئەوکاتیش کۆمەڵێک سیفەت و ئەخلاقی تیا

دروستدەبێت کە جیاوازی دەکات لە خەڵکی ئاسایی تر.

ساڵانی زوو، هەتا ساڵانی نەوەدەکانیش، لە قوتابخانەکاندا لەپاڵ نمرەی خوێندندا، نمرەیەک هەبوو کە نەدەچووە سەر کارتی قوتابی، بەڵکو بە نهێنی لای ئیدارەی خوێندنگەکە دەمایەوە، پێیان دەوت (نمـرەی سلوک- ئەخلاق)، بەشێوەیەک لە یاسای ژمارە ٣٠ی پەروەردە و فێرکردنی حکومەتی عێراقییدا بەناوی (نظام المدارس الابتدائیە) رقم (٣٠) لسنە ١٩٧٨) دەرچووە و لە (الوقائع العراقیە)دا ژمارە (٢٦٨٩) دا لەبەرواری ١٩٧٨/١٢/٢٥ دا بڵاوکراوەتەوە، لە مادەکانی (٥١ ، ٥٣ ، ٥٨ )دا، باس لەسلوکی قوتابی دەکات کە پێویستە قوتابی و فێرخواز هەڵسوکەوت و ئەخلاقی بەرز و هاوسەنگ بێت، بەشێوەیەک ئەگەر نمرەی ئەخلاقی قوتابی گەیشتە ٣٠ ئەوا دایک و باوکی قوتابییەکە لە خراپی ئەخلاقی ئاگادار دەکرێتەوە و لەلایەن ئیدارەی قوتابخانەکەوە چەند ڕێکارێک دەگیرێتەبەر، هەر بەپێی هەمان یاسا ئەگەر

نمرەی ئەخلاقی قوتابییەکە بگاتە ٥١ ئەوا قوتابییەکە ئەو ساڵەی بە کەوتوو بۆ هەژمار دەکرێت، ئەگەر هەموو نمرەی وانەکانیشی ١٠٠ بن.

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەهلی تەسەوف و خەڵکانی بۆخواسوڵحاو، ڕەوشت و هەڵسوکەوتیان لەچوارچێوەی شەرع و ئادابە دینییەکاندا دەبێت و هەمیشە خۆیان لە بەدڕەفتاریی و کردەوەی خراپ دەپارێزن، بەدەگمەن سۆفی و موردێک دەبینییەوە تەنانەت گفتوگۆی توندییش بکات، چ جای کردەوەی نابەجێ، ئەوەش هەڵهێنجراوی ئەو تەریقەت و ڕێبازەیە کە پەیڕەوی دەکات و لەسەری پەروەردە بووە.

# شێوازی بەیعەت پێدان لە تەریقەتی عەلییەی قادری کەسنەزانی دا

بسم الله الرحمن الرحيم. أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن سيدنا محمداً رسول الله صلى الله تعالى عليه وعلى اله وصحبه وسلم. آمنت بالله وملائكته، وكتبه، ورسله، واليوم الآخر، والقدر خيره وشره من الله تعالى ، وبالبعث بعد الموت وبالطريقة التي انزلتها على سيدنا محمد صلى الله تعالى عليه وسلم، خاتم النبيين وسيد المرسلين.

يارَبِّ توبة.

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد قدرتك يا رب العالمين.

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد سيدنا محمد صلى الله تعالى عليه وآله وسلم .

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد سيدنا علي بن أبي طالب كرم الله وجهه.

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد سلسلتي جناحي الطريقة ومنهم يداً بيد إلى يد الشيخ معروف الكرخي (قدس سره).

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد سيدنا الشيخ عبد القادر الكيلاني (قدس سره).

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد سيدنا الشيخ إسماعيل الولياني (قدس سره).

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد سيدنا الشيخ عبد الكريم الشاه الكسنـزان (قدس سره)

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

تبت وبايعت على يد سيدنا الشيخ عبد القادر الكسنـزان (قدس سره).

أستغفر الله العظيم من كل ذنب.

**تبت وبايعت على يد سيدنا الشيخ حسين الكسنـزان (قدس سره).**

**أستغفر الله العظيم من كل ذنب.**

**تبت وبايعت على يد سيدنا الشيخ عبد الكريم الكسنـزان (قدس سره).**

**أستغفر الله العظيم من كل ذنب.**

**تبت وبايعت على يد سيدنا الشيخ السلطان الخليفة محمد المحمد الكسنزان(قدس سره).**

**استغفر الله العظيم من كل ذنب.**

**تبت وبايعت يداً بيد على يد شيخنا وأستاذنا الحاضر حضرة السيد الشيخ شمس الدين محمد نهرو الكسنـزان الحسيني، وقبلته شيخي ومرشدي وأستاذي في الدنيا والآخرة، والله على ما أقول شهيد.**

له پاش کۆتایی هاتنی خەلیفە و مورید لە وتنەوەی پەیماننامە و بەیعەتەکە، خەلیفە بە مورید دەڵێت: ئەم تەریقەتەم پێدایت لە وەکالەتی جەنابی سەید شێخ شەمسەددین محمد نەهرۆ کەسنەزانی (خوا بیپارێزێت).

موریدیش دەڵێت: قەبوڵم کرد.



**بەیعەت پێدانی ژمارەیەك هاوڵاتی و مورید**
**بە خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی)**

## زنجیرەی پیاوچاکانی تەریقەتی قادری کەسنەزانی کە دەست بە دەست تەریقەت لە ڕێگەی ئەوانەوە گەیشتۆتە ئێمە تاکو دەگاتە دەستی موبارەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم )

أنزلت هذه الطريقة المباركة من الله تعالى إلى حضرة سيدنا محمد صلى الله تعالى عليه وآله وسلم، ثم انتقلت منه إلى يد الإمام علي بن أبي طالب كرم الله وجهه، ومنه تفرعت بجناحين، ثم التقى الجناحان عند الشيخ معروف الكرخي قدس سره.

**الجناح الذهبي:** من يد الإمام علي إلى يد الإمام الحسين ومنه إلى يد الإمام زين العابدين ومنه إلى يد الإمام محمد الباقر ومنه إلى يد الإمام جعفر الصادق ومنه إلى يد الإمام موسى الكاظم ومنه إلى يد الإمام علي الرضا ثم إلى يد الشيخ معروف الكرخي.

**والجناح الثاني:** من يد الإمام علي إلى يد الشيخ الحسن البصري ومنه إلى يد الشيخ حبيب العجمي ومنه إلى يد

الشيخ داود الطائي ومنه إلى يد الشيخ معروف الكرخي ومنه إلى يد الشيخ السري السقطي ومنه إلى يد الشيخ الجنيد البغدادي ومنه إلى يد الشيخ أبي بكر الشبلي ومنه إلى يد الشيخ عبد الواحد اليماني ومنه إلى يد الشيخ أبي فرج الطرسوسي ومنه إلى يد الشيخ علي الهكاري ومنه إلى يد الشيخ أبي سعيد المخزومي ومنه إلى يد الشيخ عبد القادر الكيلاني ومنه إلى يد الشيخ عبد الرزاق الكيلاني ومنه إلى يد الشيخ داود الثاني ومنه إلى يد الشيخ محمد غريب الله ومنه إلى يد الشيخ عبد الفتاح السياح ومنه إلى يد الشيخ محمد قاسم ومنه إلى يد الشيخ محمد صادق ومنه إلى يد الشيخ حسين البصرائي ومنه إلى يد الشيخ أحمد الإحسائي ومنه إلى يد الشيخ إسماعيل الولياني ومنه إلى يد الشيخ محيي الدين كركوك ومنه إلى يد الشيخ عبد الصمد كله زرده ومنه إلى يد الشيخ حسين قازان قاية ومنه إلى يد الشيخ عبد القادر قازان قاية ومنه إلى يد الشيخ عبد الكريم شاه الكسنزان ومنه إلى يد الشيخ عبد القادر الكسنزان ومنه إلى يد الشيخ حسين الكسنزان ومنه إلى يد الشيخ عبد الكريم الكسنزان ومنه إلى يد الشيخ

السلطان الخليفة محمد المحمد الكسنزان ومنه إلى يد شيخنا الحاضر حضرة السيد الشيخ شمس الدين محمد نهرو الكسنزان الحسيني رئيس الطريقة العلية القادرية الكسنزانية في العالم .



خوالێخۆشبوو (شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی) و ژمارەیەك لە موريد و دەروێشانی لە مەرقەد و مزگەوتی شێخانی تەریقەتی قادری کەسنەزانی لە گوندی کرپچنە.

## زنجیرەی
## خانەوادە و سەیدەکانی کەسنەزانی

السيد شمس الدين محمد نهرو ابن السيد محمد المحمد ابن السيد عبد الكريم ابن السيد عبد القادر ابن السيد عبد الكريم شاه الكسنزان ابن السيد حسين ابن السيد حسن ابن السيد عبد الكريم ابن السيد إسماعيل الولياني ابن السيد محمد النودهي ابن السيد بابا علي الوندرينه ابن السيد بابا رسول الكبير ابن السيد عبد السيد الثاني ابن السيد عبد الرسول ابن السيد قلندر ابن السيد عبد السيد ابن السيد عيسى الأحدب ابن السيد حسين ابن السيد بايزيد ابن السيد عبد الكريم الأول ابن السيد عيسى البرزنجي ابن السيد بابا علي الهمداني ابن السيد يوسف الهمداني ابن السيد محمد المنصور ابن السيد عبد العزيز ابن السيد عبد الله ابن السيد إسماعيل المحدث ابن الإمام موسى الكاظم ابن

الإمام جعفر الصادق ابن الإمام محمد الباقر ابن الإمام علي زين العابدين ابن الإمام الحسين ابن الإمام علي ابن أبي طالب (كرم الله وجهه) والسيدة فاطمة الزهراء سيدة نساء العالمين (عليها السلام) بنت رسول الله وخاتم الأنبياء والمرسلين حضرة سيدنا محمد المصطفى (صلى الله تعالى عليه وآله وسلم ).





**تەکیەی سەرەکی قادری کەسنەزانی_سلێمانی**

